## هزری دەستکرد و هەڵس و کەوتی نائینسانی

بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام  لەسەر پرسیاری ئەخلاقی وەڵامێکی ئاشکرا و ڕوون بدەینەوە، پێویستیمان بە دڵێکی پڕ لە خوێن ساردی و لەسەرەخۆیی هەیە. ئێمە دەبێ چ کارێ بەڕێوەبەرین تا بتوانین ژمارێکی زۆری مرۆڤ بەختەوەر بکەین؟ چلۆن دەکرێ سیستەمێکی ئابووری نەتەوەیی پێك بێ کە بتوانێ هەم مرۆڤی هەژار و بە گشتی بارودۆخی هەژاریی لە وڵات کەمتر بکاتەوە و هەم مرۆڤی دارا بتوانن سامانی زیاتر پێکەوە بنێن؟ بۆ ئەو کارە دەبێ ژمارێکی زۆر ناوەندی کاریی لە هەموو شوێنێك پێك بێن و دەرفەت بە مرۆڤی هەژار و بێکاری ناو وڵات بدرێ تێدا بتوانن کار بکەن و بۆخۆیان بژیوی ژیانیان دابین بکەن. بەو کارە ڕەنگە مرۆڤی هەژار و بێ ماڵ و حاڵ بتوانن میچێکیان لەسەر سەریان هەبێ، بە کارێکەوە خەریك بن و بتوانن لانیکەم لە ڕۆژدا خواردنێکی تا ڕادەیەك شیاوی ژیانێکی مرۆڤی ئاساییان بۆ فەراهەم بێ.

ئازادی کارکردن لە هەر کۆمەڵگایەك بۆ مرۆڤ لە پێناو ماڤی مرۆڤدایە. ئەگەر بەڕێوەبەرانی حکوومەتی و سیاسەتوانان بتوانن بە تەرخانکردنی شوێنی کاریی بارودۆخێك پێك بێنن کە دەرفەت بە مرۆڤی بێکار بدرێ بژیوی ژیانیانی پێ دابین بکەن لە لایەکەوە هەژاریی کۆمەڵگا کەمتر دەبێتەوە و لە لایەکیتریشەوە کڕین و فرۆشی بازاڕی سەرمایەداریشی پێ دەگەشێتەوە. بەختەوەری و چێژبردن لە ژیان ئەوکات وەدی دێ کە مرۆڤی ناو کۆمەڵ هەموویان لە گەشانەوەی ئابووری و ئەرکەکانیدا بەشدار بکرێن. هەر مرۆڤێك چەشنە فەرهەنگێکی دەروونی خۆی هەیە و هەموو ئەو شتانەی لە دەروونیدان هانی دەدەن لەسەر شێوازێکی ژیرانە شوێن یاخود جێگایەکی گونجاو لە کۆمەڵدا بۆ خۆیان تەرخان بکەن.

لەمڕۆشدا و لە جیهانی مودێرنیشدا بە شێوەیەکی هاوچەشن هەوڵ دەدرێ بۆ دیمەنی داهاتووی هزری دەستکرد جێ و شوێنێکی گونجاو پێکبێنن کە لە ڕوانگەی ئەخلاقیشەوە تاڕادەیەك هەڵس و کەوتی وەك مرۆڤی هەبێ. ئەگەر مرۆڤ نەتوانێ بایەخە ئینسانییەکان لەسەر شێوازی نووسینی پڕۆگرام بۆ هزری دەستکرد دیاری بکا، باشتر وایە دەست لەو کارە هەڵگرێ. ڕەنگە بۆ خوڵقێنەرانی ئەو بوارە گرنگایەتییەکی ئەوتۆی نەبێ هەڵس و کەوتی هزری دەستکرد لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە دەبێ تەواو وەك مرۆڤ بێ. سروشتی ئینسان تەواو و کامیل نییە، بەردەوام تاقمێك لە مرۆڤ بۆ لای کاری نالەبار ڕادەکێشرێن، هەر ئەو هەڵس و کەوتە خۆی دەتوانێ مەترسییەکی گەلێك مەزن لە لایەن خوڵقێنەرانی هزری دەستکردەوە بۆ داهاتووی ئەم جیهانە دروست بکا.

ئیدەی خوڵقاندنی چەشنە ئەخلاقێك كە كەمتر بۆ لای كاری خراپ ڕاكێشرێ دەتوانێ هەموو ئیدیۆلۆژییە نائینسانییەكانی وەك بەرنامەی ئەخلاقی ستالینی، ئەخلاقی ساردوسڕی هیتلێری تا شۆڕشی فەرهەنگی مائۆ یەكگرتوو بكا. تا ئەو كاتەی هەڵس و كەوتی ئەخلاقی هزری دەستكرد لە هەڵس و كەوتی مرۆڤەوە سەرچاوە بگرێ نابێ چاوەڕوانی ستراتێژییەكی باشتر بكرێ. بۆ باشتركردنی بارودۆخی جیهان دەبێ ئەخلاقی باش و ئەرێنی بۆ هزری دەستكرد ڕاگوێزرێ. بەڵام لە ڕاستیدا كێشە و گرفتێك لە پشت ئەو كارەوە وەستاوە. ئەگەر كەرەسەی دەستكرد هەڵس و كەوتی هاوچەشنی مرۆڤیان هەبێ، بەوهۆیەی بڕیارەكانیان لە بۆچوونی گەلێك ئاڵۆز و نالۆژیكی مرۆڤ پێك هاتووە دەتوانێ گەلێك مەترسیدارتر بێ، چونكە بڕیاری هزری دەستكرد بەرنامەی پێشتر داڕێژراوی بێ ئەملا و ئەولای خودی مرۆڤە. مەبەستی پێشترداڕێژراو و بە ویستی ئاگایانە و مەبەستی لە ناكاو و نائاگایانە وەك یەك نین. هەروەها داواكاریی و ئارەزوویەكی دەستەقەسد وەك داواكاریی بێ ئیرادانە نییە. لە لایەكیتریشەوە كاتێ ئێمە هزری دەستكرد بەهۆی دڵێكی ساردو سڕ و ئەخلاقێكی نائینسانییەوە بەرنامەڕیزی بكەین، بە شێوەیەك لە شێوەكان ئاگایانە دژ بە ماقی مرۆڤ دەوەستین و بایەخ و مەبەستی سەرەكی كۆمەڵگای ئینسانی لەبەرچاو ناگرین.

بە بێ ئیدەیەكی درێژخایەن لەسەر گۆڕانی هەڵس و كەوتی ئەخلاقی مرۆڤ سیستەمی هزری دەستكرد لە پێناو خزمەتكردن بە داهاتووی مرۆڤایەتی ناتوانرێ وێنا بكرێ. "كەرەسەی ئەخلاقی" تەواوكەری جیهانی ئینسانی نین بەڵكوو لەڕووی ناچارییەوە و بەبێ پێش پێگرتنی هەنگاوێكە بۆ داهاتووی ژیان لەسەر ئەم جیهانە. تەنیا ئەو كەسانەی هەست بەو پێشكەوتووییە دەكەن، دەتوانن لەڕاستیدا بارودۆخی داهاتووی ژیان گومان بكەن. چونكە لە لایەكەوە هەر هەڵس و كەوتێكی باشی ئەخلاقی بۆ داهاتووی مرۆڤ حەیاتییە و لە لایەكیتریشەوە بارودۆخێك پێك دێنێ كە مرۆڤ بە شێوەی لۆژیكی، سەربەخۆ و ئازادانە بڕیار لەسەر چۆنیەتی ژیانی داهاتووی بدا. بەو ڕادەیەی هزری دەستكرد لە لایەن بڕیاردەرانی نالۆژیكییەوە بەرنامەڕیزی بكرێ بە هەمان ڕادەش ئازادیی تاكەكەسیی مرۆڤ دەخرێتە ژێر مەترسییەوە و كەمتر دەبێتەوە. ئەگەر بارودۆخێك پێك بێ كە هزری دەستكرد بڕیاردەر و دادوەر لەسەر ژیانی مرۆڤ بێ، ژیان گەلێك بێ مانا دەبێ. بە پێی كات مرۆڤ وا ڕادەهێندرێن كە ئیتر نیگەرانی پرسیاری ئەخلاقی نابن. نووسەری بلاڕووسی ئوگنی مۆرۆزۆف "Evgeny Morozov" بە شێوازێكی سەرسووڕهینەر نیشانی دەدا چلۆن دەتوانین بە هەزار هەنگاوی بچووك

له بەرپرسایەتی خۆمان چاوپۆشی بکەین و بە بێ ئازادی بۆ لای "جیهانی نوێی هزر و هۆش" وەرێکەوین.[14]

هەرچۆنێک بێ، هەڵس و کەوتی ژیرانە، عەقڵی سالم و ڕەسەنایەتی خۆمان ناتوانین ڕاگرین. چونکە ئەوە ڕەسەنایەتی ئێمە نییە پێمان دەڵێ لە کۆمەڵگایەکی پڕ لە یاسادا چ کارێك بەرێوەبەرین، بەڵکوو ترس لە داهاتووی نابەدڵ و ناخۆشە کاتێ لە هەر لایەکەوە ببینە هۆکاری شکاندنی سنووری یاساکان.

ئەگەر ئێمە سەر بۆ حاکمانی دیجیتالی دانەوێنین و بەو شێوەیەی خۆیان بیانەوێ هزری دەستکرد بخولقێنن و لەسەر ڕێگای ژیانی ئێمەی مرۆڤی قوت کەنەوە، لە داهاتوودا تووشی ئاکامی گەلێك ناخۆش و دژ بە ماڤی مرۆڤ دەبینەوە. سەرقاڵبوون، چێژوەرگرتن لە ژیان، سەرتۆپ بوون، قازانج – هەموو ئەو تایبەتمەندییانە گەلێك لێك جیاوازن. تەنانەت تیئۆری فەلسەفەی کلاسیکیش لێرەدا ناتوانن یارمەتیدەرمان بن. بۆچی یۆنانی کەون چەمکی بەختەوەری خۆی لە ژیانێکی پڕ لە سەرکەوتووییدا دەدۆزییەوە، چونکە زیاتر پەیوەندی لەگەڵ ژیری، ڕازیبوون و ڕاوێژ و پرس وڕا دا هەبوو، بەڵام ئەو ژیانە سەرکەوتووە زۆر کەم پەیوەندیی لەگەڵ چێژوەرگرتن لە ژیاندا هەبووە. پێناسەیەکی گشتی بۆ مانای بەختەوەری کە هەموو مرۆڤێك بگرێتەوە کارێکی گەلێك نەگونجاوە. کەوابوو چلۆن بەرنامەنووس بزانێ یاخود بتوانێ مەبەست و کردەوەی ئەو چەشنە بۆچوونە جیاوازانە لەگەڵ هزری دەستکرد بگونجێنێ؟ هەموو چەشنە زمانێکی بەرنامەنووس لێرەدا هەرەس دێنێ. تەنانەت مرۆڤ خۆشی لەو بارودۆخەدا کێشەیەکی گەلێك مەزنی هەیە ئەگەر بیهەوێ مانایەکی ڕوون و شەففاف بۆ کردەوەی ئەخلاقی بدۆزێتەوە. چێژی زیاتر لە ژیان وەرگرین، یا ئازاری کەمترمان لە ژیاندا هەبێ؟ دەرەتانی ژیانێکی بە بێ قەرز و قۆڵە دروست کەین یا بە بێ بیرکردنەوە و لەبەرچاوگرتنی داهاتوو پەرە بە خۆشحاڵی و چێژی ژیان بدەین؟ ئایا دانانی ئەو چەشنە سنوورانە بۆ ژیان بە پێی تەمەن و کات گۆڕانیان بەسەردا نایە؟ ئایا پەیوەندیان بە هەموو ئەو ئەزموونانەوە نابێ کە مرۆڤ لە ماوەی ژیانیدا کۆیان دەکاتەوە؟ هیچ کەس لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە موسوڵمان، مەسیحی، یەهوودی، کومونیست، نەتەوەپەرەست، ڕۆشنبیر یا ئاتئیست نەهاتۆتە سەر ئەم جیهانە. هەڵس و کەوت و ڕوانگەی ئێمەی مرۆڤ لەسەر ژیان، ئەزموونی جیاوازی کردەوەی خۆمانە کە لەو ژینگە و کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین، وەریدەگرین. هەروەها بڕیارە ئەخلاقییەکانمان شتێك نین جیا لە مێکانیزمێك کە لەڕاستیدا بەشێوەی ڕادەیی لە لایەن فیلەسۆفان و نووسەرانی کتێبە سیاسیی و ئەخلاقییەکانەوە بۆمان دیاری کراون.

[14] Evgeny Morozov: Smarte neue Welt. Digitale Technik und die Freiheit des Menschen, Blessing 2013.

تەنانەت ناتوانرێ پرسیارێکی ئاسایی بە یاسایەکی گشتییەوە بچەسپێندرێ کە بتوانێ ئازاربە مرۆڤ بگەیێنێ یا چێژ بە مرۆڤ بدا. مرۆڤی سادیست "Sadisten" یا "Masochisten"[15] لیرەدا بە زمانێکی هاوچەشن ئاخافتن ناکەن، هەروەها زۆر جار دادپەروەر، هونەرمەند و وەرزشکاریش بە هەمان زمان نادوێن. چلۆنایەتی هەستەکانی ئێمەی مرۆڤ و ئەو کارانەی پێکی دێنین، لای زۆربەی فیلەسۆفان بە کێشە دەناسرێ. هەر کەس ددان ئێشەی هەبێ هەست بە ئێشی ددانی دەکا، تەنانەت ئەگەر دوکتوری ددان هیچ هۆکارێکیشی بۆ نەدۆزرێتەوە. هەر کەس عاشق بێ، سەرەڕای ئەوەی کەس لە هۆکاری عاشقبوونەکەی تێ نەگا، عاشق دەمێنێتەوە. هەر کەس ٢٠ پلەی سانتیگڕاد بە هەوایەکی سارد هەست پێدەکا، هەستی دەروونی خۆیەتی، تەنانەت ئەگەر لە پلەی مامناوەندی دیاریکراو بۆ مرۆڤیش تێپەڕ یا نزم بووبێ. بەو هۆیانەوە گەلێك جێی بیر لێ کردنەوەیە، ئەگەر پرۆگڕامنووسێکی ئەخلاقی بیهەوێ بەرنامە بۆ هزرێکی دەستکرد دابڕێژێ، گەلێك ئەستەم دەتوانێ ڕێگاچارەیەك بدۆزێتەوە کە هەموو مرۆڤێک لێی ڕازی بێ. هەڵس و کەوتی ئەخلاقی دەبێ بە شێوەیەك بێ کە تا ئەو جێیەی دەرەتانی بوی هەیە زۆرینەی هەرە زۆری مرۆڤ بە کردەوەیەکی ئەخلاقیی دابنێن.

هەڵس وکەوتی ئەخلاقی و زۆر تایبەتمەندیتر دیارە پەیوەندیان بە گەشەسەندن و زانستی سروشتییەوە هەیە و ملیۆنان ساڵی خایاندووە تا مرۆڤ توانیویە تاڕادەیەك ڕێگای ژیانی بدۆزێتەوە. هەروەها ئەوەش ڕوونە کە ئەو هەڵس و کەوت و تایبەتمەندییە ئاستەمانە ناکرێ ئاوا ساکار بە هزری دەستکرد بسپێردرێ و بڕیار لەسەر داهاتووی ژیانی مرۆڤ و بوونەوەرانیتری پێ بدا. چۆنیەتی ئەسپاردنی ئەرکێکی زانستی هەرگیز نابێتە چۆنیەتیی هەڵس و کەوتی ئەخلاقی. هەر بەرنامەنووسێکی کامپیۆتری کە بیەوێ بەرنامە بۆ تەوەری ئەخلاقی لەسەر بەختەوەری یا ئازار کێشان دابڕێژێ، ڕووبەڕووی هەمان ڕەخنە دەبێتەوە کە بەردەوام وەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی"بەرژەوەندی" خستۆتە ژێر پرسیارەوە. بۆچی دەبێ بەرنامەنووسی کامپیوتر لەو کارەیدا سەرکەوتوو بێ کاتێ بە درێژایی هەزاران ساڵ فیلەسۆفان نەیانتوانیوە مانایەکی ستاندارد و گشتی بۆ چەمکی "بەختەوەری" یا "ئازار" بدۆزنەوە؟

لە لایەکیتریشەوە ژیانی ڕاستەقینەی ئینسان بە شێوەی بەردەوام تەنیا لەسەر بەختەوەری و ئازار ساغ نەبۆتەوە. تەنانەت زۆربەی کات لەسەر بەختەوەری و ئازار دەرفەتی ئەوەمان نابێ پرسیار لە خۆمان بکەین. چالاکی بۆ نووسینی کتێبێکی ئەستوور و تەرخانکردنی کاتێکی زۆری ژیان بۆ ئەو کارە بەهیچ شێوەیەك قەرەبوو ناکرێتەوە. بە پێی ئەزموونە زانستییەکان منداڵان زۆر زیاتر لە بەختەوەری، ئازار و کێشە بۆ دایك و باوکیان دروست دەکەن.

---

[15] ئەو کەسەی بەهۆی ئازارپێگەیاندن و لێدان، پێداویستی جینسی خۆی دابین دەکا یاخود ئێرزا دەبێ.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

هۆکاری ڕاستەقینە بۆ هەموو ئەو هەڵس و کەوتانە بەختەوەری نیین بەڵکوو ماناداان بە ژیان لە لایەن خودی مرۆڤەوەیە. ئەوەیکە منداڵ هێنانە سەر ئەم جیهانە کارێکی باشە یان نا، هۆکارەکەی بەختەوەر بوون نییە کە بڕیاری بۆ دەدا بەڵکوو هەستی ماناداان بە ژیان و کەیفیەتێکی تایبەت بەخۆیە ئەو بڕیارە دەدا. ئەوەیکە مانای ماناداان بە ژیان ناکرێ لە لایەن بەرنامەنووسانی کامپیۆترییەوە بەرنامەیان بۆ دابڕێژرێ، شتێکی تەواو ڕوونە. ئەو کارە تەنیا ئەوە نییە کە مرۆڤ لە نێوان دوو شت یەکیان هەڵبژێرێ و بڵێ ئەمیان مانا دارە و ئەویان نا، بەڵکوو ماناداان بە ژیان لە ڕوانگەی کەسەکانەوە جیاوازە و بڕیارێکی تەواو کەسییە. ماناداان بە ژیان بنەڕەتێکی بەهێزی لە فەرهەنگ و دابونەریتی کەسەکان داکوتاوە. هەروەها بە شێویەکی گەلێك بەهێز خۆی لەگەڵ مرۆڤی نیزیك و بنەماڵەی پەیوەندیدار بە کەسەکانەوە گرێداوە. لەڕاستیدا هیچ شتێکی لۆژیکی سەبارەت بە ماناداان بە ژیان بوونی نییە. هەموو نیازێکی پەیوەندیدار بە ماناکانەوە بەستراونەتەوە بە ڕەوان ناسی مرۆڤ و هەموو مانایەکی ژیان لە ڕوانگەی چاوەدێرەکانی خودی مرۆڤەوە هەڵدەسەنگێندرێن.

ژیان، ئەخلاق، بەختەوەری، ڕازیبوون لە ژیان و ماناداان بە ژیان بۆ مرۆڤ تەنیا ئەو شتانەن کە خۆیان هەستی پێ دەکەن. هزری دەستکرد ناتوانێ ئەو هەستانە بناسێ. مرۆڤی ڕاستەقینە بە شێوازی " ژمارەی باینێری، واتە سیفر(٠) و یەك(١)" کار ناکەن، بەڵکوو زۆر شت بە شێوازی ڕادەیی سەیر دەکەن و هەڵیدەسەنگێنن، بە بەختەوەری و تێپەڕبوونی کاتیی دەسپێرن، لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە نەك هەر باش و خراپ جیادەکەنەوە، بەڵکوو بەسەر چەندین پلەی وەك باش، باشتر، خراپ، خراپتر و کەمتر خراپ و کەمتر چاکدا دابەشیان دەکەن. زۆربەی مرۆڤ لەجیاتی ئەوەی بە شێوەی بەردەوام بەختەوەری خۆیان نۆژەن بکەنەوە، خۆیان بە خوڕافات و چیرۆکە کەونەکانەوە هەڵواسیوە. ئەو وێناکردنە قورسایی خستۆتە ناو دەروونی مرۆڤەکانەوە و لە جیاتی ئەوەی شتە باشەکانی پێ بپێون، ناسنامەی خۆیانی پێ دیاری دەکەن.

بێ شك ئەوە ڕاستە کە هەر فەیلەسۆفێك فەلسەفەی ئەخلاقی خۆی لەسەر ڕەوتی چۆنیەتیی کۆمەڵگا جیاوازەکان و ئەوەی مرۆڤی ناو کۆمەڵ چ نیاز و ئاواتێکیان هەیە، بونیات ناوە. بەڵام ئەوە بەمانای وەك یەك دانانی "بەکەڵك بوون و سوودمەندبوون" لەگەڵ "بەختەوەری" نییە. کاتێ باس لەسەر تەوەری وەك یەکسانی جینسی (ژن و پیاو) یا یەکسانی لەهەنبەر یاسادا دەکرێ، کاتێ هەوڵ بۆ دادپەروەری و ئینساف دەدرێ، یا باس لەسەر ماڤی سەربەخۆیی و ئازادبوونی بێ ئەملا و ئەولای کەسەکان دەکرێت، ئینجا ئەو بایەخە ئینسانییانە بەوەوە نەبەستراونەوە کە بۆ هەمیشە بەختەوەری بۆ مرۆڤ بە دیاری بێنن بەڵکوو هەر هێزێك و هەر مرۆڤێك بۆ بەرژەوەندی خۆی کەڵك لەو یاسایانە وەردەگرن. یەکسانی، دادپەروەری و ئازادیی بایەخێکن کە نابێ خۆیان بە پێوەری بەختەوەرییەوە هەڵواسن. هەر بۆیە حاکمانی وڵاتێك هەڵبژاردن و هەڵسەنگاندنی

بەها ئینسانییەکان لە ڕێگای بڕیاردان یاخود ڕاپرسی گشتییەوە دیاری ناکەن. شتێکی ڕوونە ئوردوگان لەسەر ئەو باوەڕەیە ئاوارەکردن و ئاسیمیلیرەکردنی ملیۆنان مرۆڤی کورد بۆ بەختەوەرکردنی مرۆڤی تورك لە تورکیا گەلێك باش و بەفایدەیە. ئەزموونی ڕاپرسییەکانی ساڵی ٢٠١٧ لە عێراق لەسەر ماڤی سەربەخۆیی بۆ کورد و پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی، بۆ ئوردۆگان و زۆربەی داگیرکەرانی کوردستان کارێکی بێ مانایە و بەردەوام هەوڵی چەند بەرەکی خستن لە نێوان حیزبە کوردییەکان دەدەن. دیارە لە ڕوانگەی خۆشیانەوە کارێکی باش و یاسایی بەڕێوە دەبەن.

زۆرجار ئەوشتەی زۆرینەی مرۆڤ ئارەزووی دەکەن و ئەو شتەی ئەخلاق و یاسا دانەران بە دروستی دادەنێن جیهانێکی گەلێك مەزنیان لە نێواندایە. ڕاستییەکان و بەتایبەت بۆچوون و ئارەزووی زۆرینە، هەر لەخۆوە پاساو بۆ دانانی یاساکان نین. تەنیا بەو هۆیەی تاقمێك لە مرۆڤ تەوەرەکان جۆرێکیتر سەیر دەکەن، بەو مانایە نییە کە لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە کێشەیان نەبێ. درز و کەلێنی پڕنەکراوەی نێوان ڕاستیەکان و ڕێوشوێنی دروست لە سەردەمی فیلەسۆفانی کەون وەك یاسا ڕێزی لێ دەنرا. هەرگیز نابێ کەسێك ببێتە ئامراز بۆ مەبەستی کەسانیتر. تەواوی ئەو کەرامەتە ئینسانییە بۆ وێنە لە یاسای سەرەکی وڵاتی ئاڵماندا هاتووە. لە مادەی یەکەمی یاسای سەرەکی ئاڵماندا دەگوترێ: "کەرامەتی ئینسانی پارێزراوە. ڕێزلێنان و پارێزگاریکردنی ئەرکی هەموو کاربەدەستێکی وڵاتەکەیە. کەوابوو خەڵکانی ئاڵمانی قەسەمخۆر بە ماڤی مرۆڤی حاشالێنەکراو وەك بنەڕەتی هەر کۆمەڵگایەکی ئینسانی، ئاشتیخواز و دادپەروەر لە هەموو جیهانن."[16] بە پێچەوانە سوودمەندبوونی کلاسیک هیچ کەرامەتێکی ئینسانی ناناسێ و ڕەنگە ئازادی ئینسان بە هەنگاوێکی بەرز دانێ، بەڵام بە تەواو و کامیلی دانانێ. لێرەدا مرۆڤ وەبیر جرێمی بێنتام "Jeremy Bentham"[17] دادپەروەرێکی ئینگلیزی دەکەوێتەوە کە لەسەر ئەو بڕوایە بوو، ئەگەر کەسێك بە بێ ئێش وئازار دەوڵەمەندێك لە خەودا بکووژێ و لە پارەکەی نەخۆشخانەیەکی پێ دروست کا یا یارمەتی هەژارانی پێبکا، کارێکی باشی کردووە. لە لایەکەوە ئازاری کەم و لەولاشەوە بەختەوەری!

درێژەی هەیە ...

[16] https://www.gesetze-iminternet.de/gg/BJNR000010949.html

[17] جرێمی بێنتام دادوەر، فیلەسۆف و ڕیفۆرمیستی کۆمەڵایەتی ئینگلیزیی سەدەی نۆزدەهەم بووە. (١٧٤٨ تا ١٨٣٢)